# داود باغستانی بۆ چاکسازیی لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا پڕۆژەیەک دەخاتە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕای گشتیی کوردستان

بە بۆچوونی ئێمە لە گۆڤاری ئیسرائیل-کورد ڕاگەیاندن لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا مانای سەرجەم ئەم ئەزموونەی ئێستایە کە بەشێکی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان پیادەی دەکات. چونکە هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی ناوخۆی کوردستان و هەرێمایەتی و جیهانیش لەسەر ڕاگەیاندن بینا دەکرێت. چونکە مەحاڵە تۆ باس لە ئازادی تاک و کۆمەڵگا یا دیموکراسی و مافی مرۆڤ و قبوڵ کردنی ڕای جیاوازی بەرامبەر کۆمەڵ و نیشتمانێک بکەیت پێشکەوتوو گەشەسەندوو ئەگەر ڕاگەیاندن ئازاد و سەربەست و واقیع بین و ڕاستگۆ و جێگەی متمانە و بڕوا و سەردەمی پێشکەوتوو نەبێت. ئەم ڕاستیانەش کە ئاماژەمان پێکردن خەسڵەت و سیما و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆی ئازادی دوور لە سەنترالیزم چەپۆک و مقەستی سانسۆر لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندنێکی ئازاد کە پڕبێت لە مانا و ناوەرۆک سەربەخۆی خودی لە کوردستاندا نەبووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نییە! جگە لە چەند هەوڵ و تەقەلایەکی بچووکی بێ دەسەلات لێرە و لەوێ کە ئەو چەند سەکۆ و بڵاوکراوەیەشی لە کاتی هەڵبژاردنی 25ی تەمموزی ڕابردوو پەردەیان لەسەر هەڵماڵراو پێناسە و سەرچاوەکانی پارە و پاڵپشتیان وەدەرکەوت و ئاشکرا بوون. جگە لە یەک دوو بڵاوکراوە و چاپەمەنی و ماڵپەڕی ئەلکترۆنی کە هەندێک نەک زۆر خۆیان بە بێ لایەنییەکی شەرمنەوە هێشتەوە. کە ئەمانەش کارێکیان کرد گومانیان بچێتە سەر، چونکە نەیانتوانی سەدەرسەد سەربەخۆیی و بێ لایەنی خۆیان وەک پێناسە و پێویست بپارێزن. بە هەر حاڵ ڕەوشی میدیا لە کوردستان بە هەموو ئەو ناو و پێناسە و ماسکانەی لە خۆیان ناوە و پۆشیووە ڕەوشێکی پڕ شەرمەزاری و ئاڵۆزی و پاشەگەردانییە کە ڕای گشتی کوردستانی مخابن بە قێزەون ناوی دەبات و بە ڕاگەیاندنێکی بەرەڵا و ئانارگیستی پێناسەی دەکات و بە ڕاگەیاندنێکی دوور لە هەموو پرەنسیپێکی زانستی و شارستانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لێی تێگەیشتووە و کە جێگەی هیچ متمانە و بڕوا و ڕێزێک نییە کەواتە دەبێت هەڵسەنگاندنی زانستیانە و خوێندنەوە و پێداچوونەوەی زانستی و واقیع بینانە بۆ هەموو ڕاگەیاندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و کوردستانی و ڕەوشەکەدا بکەین. بێ ترس و بێ شەرم و بێ بەرژەوەندی ئەم حزب یان ئەو حزب، ئەم ڕێباز یان ئەو ڕێباز، ئەم کەسایەتییە بەرپرسە یان ئەویتر، دوور لەخاتروخۆتر و مەحسوبیەت چونکە ئەگەر کار وابڕوات سەرلەبەری ئەزموونەکە و ئاشتی ئەهلی و ئاسایشی نەتەوەیی و سەنگی سیاسی و ئابووری و کلتووری و خەبات و ڕەنج و تێکۆشانی ئەم نەتەوە و نیشتمانە دەخاتە

بەردەم هەڕەشەی مەترسیداری واوە کە هەرچی هەیە و نییە بە ئێستا و دوێنێ و سبەینێووە لەدەستی بدەین و تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێ و سپی و ڕەشمان لێ تێکەڵاو بێت و دواتریش ئەمانەی بەرپرسیاری ئەم ڕەوشەن بۆی دەربچن و بۆی دەرباز بن. ئەوەشی باجی هەڵە و هەڵەشەیی و نەزانی و خیانەتی ئەمانە لە میللەتەکەمان و سەرکردایەتییەکەی و ئەزموونەکەمان بدات کە نرخێکی یەکجار قورس و گران و بێ شومارە، چونکە ئەم ڕاگەیاندنە کوردی و کوردستانیەی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بە حزبی و حکوومی و ئازاد و ئەهلی و سەربەخۆوە خۆیان پێناسە دەکەن، زۆربەی هەرە زۆریان نەزانن و ناشارەزا و نا پیشەیین و هیچ شەرەف و ئەخلاقێکی ڕۆژنامەگەریی و پرەنسیپەکانی ئەو میساقە نازانن و ناشیانەوێت بیزانن یان فێربن تا پابەند نەبن پێوەی، بۆیە سەرۆکی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی دەبێت بە هەر جۆر و شێوازێک بووە لە خۆی و چوار دەوری خۆی و ڕاگەیاندنە زەبەلاحەکەی خۆیەوە دەست پێ بکات و چاکسازی و ریفۆرم و لە هەموو ڕوویەکەوە بکات و دواتریش یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کە پار ساڵ گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمان و ئیمزای نەکرد هەر ئەوانەی ئەو کارەیان پێ نەکرد ئێستا دەیانەوێت یاساکە لە ڕێگای بەڕێزیانەوە بە پەرلەمان هەموار بکەنەوە و بیگۆڕن، کە ئەمەش وەک کورد دەڵێت سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب، ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا هەر گۆڕان و پاشەکشە و پاشگەزبوونەوەیەک لەو یاسایەدا بکرێت جارێکی تر سەرۆکی هەرێمی پێ ئیحراج دەکەن لەبەردەم رای گشتی کوردستانی و جیهانیدا و دووبارە ئەوانەی خۆیان کارەکەی پێ دەکەن ڕەخنەی لێ دەگرن و سەرکۆنەی دەکەن، بۆیە بە رای ئێمە دەبێت بەڕێز سەرۆکی کوردستان ئەم پێشنیازانە ڕەچاو بکات و بەهەندی وەربگرێت:

1- دەبێ بگەڕێت و بپرسێت کێن ئەوانەی لە ناو ڕاگەیاندنی کوردیدا کلتووری شەڕەجنێو نەک ڕەخنەیان هێنایە ناو ڕۆژنامەگەریی و میدیای کوردییەوە کە ئەوەش دیارە دوو کەس بوون لە پارتی، بەرپرسەکەی ئێستای ڕاگەیاندنە و لەناو یەکێتیش وتەبێژەکەی ئێستایانە، کە هاتنە سەر خسوسیاتی هەموو کەسێک و پەلاماری هەموو پیرۆزییەکانیان دا و پلاریان دەگرتە هەموو کەس کە دواتریش هەمان بەرپرسی ناو پارتی شەڕە جنێوی گواستەوە بۆ سەر سایتەکان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەرچی جنێوفرۆشی و زمانزبر و نەزان هەیە پەروەردەی دەستی ئەون یان لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە و یان دەیکەن، ئەگەر بەزۆریش بووبێت هەروەها دروست کردنی چەند سایت و بڵاوکردنەوەی چەندین نامیلکە و سیدی و کاسێت جنێوفرۆشی وەکو کلتوور بەرای ئێمە پێش هەرکەسێک ئەو دوو کەسە لێی بەرپرسیارن، ئەگینا کاتێک خوالێخۆش بوو سامی عەبدولڕەحمان و بەڕێز ئازاد بەرواری کە بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی بوون، کێ بینی و بیستی باس لە شەرەف و نامووس و خێزان و تایبەتمەندی کەس بکرێت کە ڕۆژی وا هەبوو مەخابن لە شەڕی ناوخۆدا سەد پێشمەرگەی ڕۆڵەی کورد لە هەر لایەک دەکوژرا و شەهید دەبوون.

کەواتە دەبێت پێشی هەر هەنگاوێک ئەوانە لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و دووربخرێنەوە لە بواری راگەیاندن، چونکە ئێمە بڕوامان وایە تا ئەوانە لە واجیهە بن و لەناو راگەیاندنی کوردیدا دەمڕاست بن رەوشەکە روو لە خراپتر و ئاڵۆزتر دەکات، چونکە ئەوانە لە لای رای گشتی کوردستانی کەسانێکن خاوەن دەمووچاوێکن کە خەڵک لێیان بێزارە و هەر بۆیەش لە دەرکەوتن و قسەیەکی ئەمانەدا کاردانەوەی زۆر توند دەبێت و پێشمان وایە پارتی و یەکێتی لەسەر ئەو جۆرە کەسانە پەکیان نەکەوتووە.

2- یاسای کاری رۆژنامەگەری هەموار نەکرێتەوە، چونکە رەنگدانەوە و کاردانەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە، وەک دەڵێن "عوزر لە قەباعەت خراپترە" ئاکامەکەشی زۆر تاڵ و تفت دەبێت.

3- پەلە بکرێت لە دامەزراندنی دەستەی باڵای راوێژکاری رۆشنبیری و راگەیاندن لە هەرێم کە ئەمە گەورەترین و بەرزترین دەزگای باڵا بێت لەسەر ئاستی هەرێم کە بەلایەنی کەمەوە پێکبێت لە نۆ تا پانزدە کەس کە ئەم خەسڵەتانەیان تێدا بێت:

* پێویستە رۆژنامەنووس یان میدیاکار بن، بە مەرجێک لە بیست ساڵ کەمتر کاریان نەکردبێت لە بوارەکانی میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە.

* ئاستی خوێندەواریان لە ئامادەیی کەمتر نەبێت.

* تەمەنیان لە 35 ساڵ کەمتر نەبێت.

* دەم پاک و پێنووس پاک و رابردوو پاک بن و لەکەی نیشتمانپەروەریان لەسەر نەبێت.

* جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی دەبێت زمانێک یان زیاتر لە زمانە ئەوروپییەکان بزانێت.

* ئەگەر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ژیابێت یان کاری کردبێت ئەزموون و شارەزایی هەبێت لە زمان و کلتوور و مێژوو میدیای وڵاتان و گەلانی تردا ئەوا هێشتا باشتر.

* دەبێت زۆر بێ لایەن بن لە ئەنجامدانی کار و هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیاندا.

* خاڵی هەرە گرنگ دەبێت لە بواری راگەیاندندا ئەو راوێژکارانە هەڵبژێرێن و پێوەرەکان وا نەبێت مەحسووبیەت و خزمخزمێنە دەور ببینێت یاخود بڵێین ئەمە شەهیدی هەیە یان خەباتکارە یان قوربانی زۆری داوە لەگەڵ رێزماندا بۆ ئەو جۆرە کەسانە، بەڵام گرنگ ئەوەیە شارەزا و خاوەن ئەزموون بێت لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریدا و خۆی ئەگەر و ئەو خەسڵەتانەی سەرەوەشی هەیە و تیابوو ئەوا زۆر باشترە و جێگای رێزی زیاترە.

* دەبێت ئەو دەستەی باڵای راوێژکارییەی راگەیاندن و رۆشنبیری لە هەرێم ئەم دەسەڵات و ئیمتیازاتانەی پێ بدرێت وەک هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپا و رۆژئاوا و وڵاتانی دیموکراسی:

1- پلەیان بە دەرەجەی وەزیر بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لەسەر هەموو دەزگا و بەرپرس و بڕیارێکی تردا بڕوات.
2- دەبێت سوێندی یاسایی لەبەردەم پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و سوێندی پارێزگاری شەرەف و ئەخلاقی پیشەیی بخۆن و ئیمزای بکەن بە ئامادەبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسان و کوردستان و جیهان.
3- بەبێ دەزگاکە یەکێک بێت لە دەزگا گرنگ و سیاسیەکانی هەرێم، ئاڵا و ئارم و دروشم و پەیڕە و پڕۆگرام و بیانی خۆی هەبێت و بە یاسای پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت لە رووی یاساییەوە، یاخود لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە هەڵبژێرێن یان نیوە بە نیوە.
4- ئەم دەزگایە تەنیا بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا و هیچ دەزگایەکی تر بۆی نییە دەست بخاتە کارییەوە یان بڕیارێکیان پێ بدات یان کارێکی تریان پێ بکات یان پێسپێرێت.
5- ئەو دەستەیە جگە لە سەرۆک و جێگری سەرۆکایەتی و حەوت تا نۆ، یان نۆ تا یانزە ئەندام پێکبهێنرێ و بۆی دیاری بکرێت و لە لایەن سەرۆکی هەرێم یان بە هاوبەشی لەگەڵ پەرلەماندا.
6- دەستە کارەکانیان بەپێی پسپۆری دابەش دەکات لەسەر راگەیاندا وەک بیستراوە و بینراوە و نووسراوە.
7- هەموو کار و چالاکی و بڕیاری مۆڵەتی دەزگاکان و سەرچاوەی دارایی و چالاکییەکانیان بکەوێتە ژێر دەست و رکێف و چاودێری ئەم دەستەیەوە بە حزبی و حکوومی و ئەهلی و ئازادەوە.
ئەمەش بە کورتی چەند پێناسە و دەسەلات و خەسڵەت و پێگەی یاسایی و دەستووری دەستەکە بوو، چونکە بە بڕوای ئێمە ئەمە چارەسەرێکی باش و پراکتیکە و کەس ناتوانێت سەرپێچی بکات و سنورێکیش دادەنێت و بۆ ئەم ئاناررگیستی و پاشاگەردانییەی ناو راگەیاندنی کوردی و کوردستانی.
8- بەڕای ئێمە خاڵێکی تر کە گرنگە سەرۆکی هەرێم پێویستە بیکات یان بەفریای بکەوێت ئەویش یان خۆی یان لە رێگای دەستەی باڵا راوێژکاری رۆشنبیری و راگەیاندنەوە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت.
* دەزگا حزبی و حکوومییەکان خاوەندارێتیان بگوازرێتەوە، لە پێشدا هی یەکێتی و پارتی ئینجا حزب و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی دیکە بۆ کۆمپانیای ئەهلی و تایبەت یان کۆمپانیا بە پشکی هاوبەشی رێکخراو و شەریکە مەساهیم لەنێوان حزب و کەرتی تایبەت و کەرتی وەبەرهێنان و لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە وەک حزبەکانی وڵاتانی ئەوروپایی و بەتایبەت سۆسیاڵ دیموکراسەکان موحافیزکارەکان کرێکاران لیبراڵەکان.. هتد، کە ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەن و کاتێ ویستیان چالاکیان بڵاوبکرێتەوە ئەوا بە پارە وەکو ریکلام نرخ و خەرجییەکەی دەدەن بە دەزگاکە. لەو کاتەشدا کەس بۆی نییە

بڵێت ئەوە حزبییە یان حکوومییە، هەمووی دەبێت بە ئازاد و سەربەخۆ و ئەهلی و رزگار دەبن لەو بەیت و باڵۆرەیە.
9- هەموو دەزگاکانی حزبی و حکوومی و ئازاد ساڵانە دەبێت بەو پەڕی شەفافییەتەوە پێناسەی خۆی و سەرچاوەی دارایی و خەرجی و دەستکەوت و داهاتەکانی بخاتە بەردەم دەستەی باڵای راوێژکاری لە هەرێم.
10- هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بێ جیاوازی دوای ئەم ریفۆرم و چاکسازییە کە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان دەیکەن بەرپرسیار بن لەبەردەم سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و نیساقی شەرەفی کاری رۆژنامەگەری و سەندیکای رۆژنامەنووسان هیچ پێوەندییەکی شاراوە و ژێربەژێر و جێگەی گومان قبوڵ ناکرێت کە هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی میدیا بیکات لەگەڵ وڵاتان و دامودەزگاکانی جێگەی پرسیار و گومان.
11- جگە لە لیژنەکانی پسپۆری لەناو دەستەی باڵای راوێژکاری و راگەیاند پێویستە ئەو دەستەیە چەند بەڕێوبەرایەتییەکی هەبێت بۆ نموونە نەزاهە (پاکڕەوی) و چاودێری بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و پێوەندییەکانی دەرەوە.
12- خاڵی کۆتایی لەم پرۆژەیەدا کە خستمانە روو بۆ سەرۆک کوردستان ئەوەیە کە پەلە بکەن لە راگەیاندنی حزبەکان خۆیاندا بەتایبەت یەکێتی و پارتی لە هەموو روویەکەوە کە دوای هەڵبژاردن و دیاریکردنی دەستەی باڵای راوێژکاری رۆشنبیری راگەیاندنی هەرێم و نەمانی سەنترالیزم لە راگەیاندنی کوردی و کوردستانیدا، رەنگە حزبیەکانیش ئیتر پێویستیان بە مەکتەبە ناوەندییەکان نەمێنێت رزگاریان بێت لە هەموو ئەو بارە قورسە مرۆیی و مووچە و گرفتە ئیداری و دارایی و گەندەڵیە بێسنورانەی هەیە و قسەی لەسەر دەکرێت.
13- مافی داخستن و کردنەوە و دانی مۆڵەت هەبێت بۆ هەموو دەزگایەکی راگەیاندن بەشێوازێکی بیستراو بینراو خوێندرا و هەروەها شەرپەرست و بڕیار بەدەست بێت لە بواری وەبەرهێنان لە هەردوو مەیدانی رۆشنبیری و راگەیاندن.
14- ماوەی سەرۆک و ئەندامانی ئەو لیژنەیە، خولی بێت، یان چوارساڵ یان هەشت ساڵ.
15- ئەندامانی ئەم لیژنەیە نامێنێت کاتێک تەمەنیان لە 65 ساڵ زیاتر بوو لە کاتی خزمەتکردندا وەکو یاسای خزمەت کە لە عێراق و جیهاندا وایە لە 63 ساڵیدا خانەنشین بکرێت.
16- ئەگەر دەزگایەکی لەو شێوەیە هەبوو لە عێراقدا دەبێت رێژەیەکەی لەسەدا بیستی ئەندامان و جێگری سەرۆک لەم دەستە باڵایەی کوردستاندا دابنرێن بەپێی رێککەوتنی نێوان کوردستان و عێراق.
17- پێویستە بە دانان و دیاری کردنی دەستەی باڵا رێژەیەکی ئافرەتی تێدا بێت بەمەرجێک ئەو ئافرەتانە خاوەن توانا و ئەزموون بن لەبواری راگەیاندندا بەتایبەت رۆشنبیری بە گشتی.

18- زۆر گرنگە ئەندامانی ئەم لیژنەیە لە کەسانی شارەزار و خاوەن ئەزموون بن لە بواری راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە تا بزانن شاعیر یان نووسەر یان رەخنەگر بێت، ئیتر ببێتە پێوەر لەم دەستەیەدا.
19- ئەم دەستەیە دەبێت کۆبوونەوەی مانگانەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و ساڵی یەکجار تا دووجاریش بانگێهشت بکرێن بۆ ناو پەرلەمان بۆ پێداچوونەوەی کاروچالاکییەکانیان و خستنە رووی راپۆرتەکانیان لە رووی کارگێری و دارایی و پێوەندییەکان و پرۆژەکانیان بەو پەڕی شەفافیەت تا دیاردەی گەندەڵی بنبڕ بکرێت و تا دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی و کوردستانی وەکو یەک کە بەهۆی ئەوەوە بوونەتە یەکێک لە هەرە دەزگا گەندەڵەکانی بەهۆی ئەو نێلە پرسینەوە و چاودێری نییە بەسەریانەوە، چونکە هەر کەسە و هەر حزبە بۆ خۆی هەموو دەسەڵاتێکی داوەتە خۆی و هیچ گەسێک بۆی نییە چاودێریان بکات یان لێیان بپرسێتەوە و دەزگاکانیان بوونەتە دەزگای ئەم حزب و ئەو حزب یان کۆمەڵە و بزووتنەوە و رێکخراو یان ئەم کەس و بەرپرسە یان ئەویتر یان ئەم کۆمپانیایە یان ئەویتر بۆیە دەبێت ئەو پاشاگەردانییە نەبێت و بە یاسا رێکبخرێت و چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت.
20- دەبێت ئەم دەستەیە چاودێری و سەرپەشتی هەموو سایت و رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ئەلیکترۆنی بکات و لە ناوەوە لە رێی رای خۆیەوە و لە دەرەوەش لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و دەزگایانەی کە ئەو سایتانەیان مۆڵەت داوە بۆ ئەوەی لەکاتی سەرپێچیدا مولاحەقەی یاسایی و تا لە رێگای یاساوە سزا بدرێن و یان هاک بکرێن و دابخرێن، هەروەکو ئەوەی ئێستا ئەمریکا و هەندێ وڵاتی ئەوروپای هەوڵی جێبەجێ کردنی دەکەن.
* دەستەکە مافی ئەوەی هەیە کە هەر دەزگایەکی رۆژنامەنووسی سەرپێچی بکات بە پەیڕەو و پرۆگرامی لەو پرۆگرامەی دادەنرێت و لە لایەن سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بۆ ئەوەی لە رێگای یاساییەوە سزاکان بگەڕێنەوە ئەو ئاستەی کە تا گرتنی رۆژنامەنووسەکە و لێ سەندنەوەی پێناسەی سەندیکا و هەروەها داخستن و لێسەندنەوەی مۆڵەتەکەی.
* ئەم دەستەیە دەبێت فەزای ئازاد و سەربەخۆیی بۆ هەموو دەزگا راگەیاندنەکان بێ جیاوازی مسۆگەر بکات و بیپارێزێت و شەڕە جنێو و زمانی زبر لە رەخنە و پێشنیار و سەرنج جیایان بکاتەوە.